# خێری قورئان خوێندن بۆ مردوو

< كوردي >

سەماحەتی شێخ عبد العزيز كوڕی عبدالله ئالی شێخ

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# خێری قورئان خوێندن بۆ مردوو

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شیخ عبد العزیزی کوڕی عبد الله کوڕی موحەمەدی ئالی شێخ، موفتی گشتی شانشینی عەرەبستانی سعودیە کراوە:

**پرسیار:** ئایا خێری قورئان خوێندن دەگات بە مردووان؟

**وەڵام:** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە.

زانایانی ئیسلام ڕایان جیاوازە لەبارەی گەیشتنی خێری کاروکردەوە چاکەکان لە لایەن زیندووەکانەوە بە مردووان، هەندێك لە زانایان دەڵێن: هەر کار وکردەوەیەکی باش مرۆڤی موسڵمان ئەنجامی بدات و خێرەکەی هەدیە بکات بە کەسێکی زیندوو یان مردوو ئەوە ئەو کەسەی کە کار وکردەوە باشەکەی بۆ هەدیە کراوە سوود و خێرەکەی پێدەگات، واتا: لەسەر ووتە و ڕای ئەم زانایانە ئەگەر هاتوو جەنابت قورئانت خوێند وپاشان ووتت: ئەی خوای گەورە ومیهرەبان خێر و پاداشتی ئەم قورئان خوێندنەم دەکەمە دیاری بۆ باوکم یان بۆ براکەم، ئەوە پاداشت وخێری ئەو قورئانخوێندنە بە یارمەتی خوای گەورە دەگات پێیان، یان هەر صەدەقە و خێرێکی تر کە ئەنجامتدا و نیاز ونیەتی ئەوەت کرد کە پاداشت و ثەوابی ئەو کارە خێرە بۆ فلان مردوو بێت، ئەوە إن شاء الله خێرەکەی پێ دەگات، بەڵام هەندێکی تر لە زانایان ئەم کارە خێرانەیان کورت کردوەتەوە تەنها لەوەی تۆ داوای لێخۆش بوون بکەیت بۆ ئەو کەسە، یان صەدەقەیەکی جاری بۆ ئەنجام بدەیت ( وەك دروستکردنی مزگەوتێك یان نەخۆشخانەیەك یان پرد و ڕیگا چاکردنێك، یان دابین کردنی پڕۆژەیەکی ئاو بۆ گوندێك یان شارێك، یان کردنەوەی چەند خانوو جێگای نیشتەجێ بوون بۆ قوتابیانی زانستە شەرعیەکان) یان نزای خێر بکەیت بۆ ئەو کەسەی کە دەتەوێت خوای گەورە چاکەی لەگەڵدا بکات، بەهەر حاڵ ئەگەر هاتوو جەنابت قورئانت خوێند وپاشان نزا و دوعات بۆ خۆت  و مردوەکانت کرد، ئومێد و ڕەجامان وایە کە سوودی هەبێت بۆیان ..

خوای گەورەش زاناترە ...

سەرچاوە: گۆڤاری ( الدعوة ) ژمارە (٢٤٦١) ساڵی ١٤٣٥ کۆچی .